دانیشتوانی ناحیەی قەسرۆك لە سنووری پارێزگای دهۆك بۆ (15816) پانزە هەزارهەشت سەدو شازدە کەس ، بریارماندا بە : -

1- گۆرینی پلەی شارەوانی قەسرۆك لە پلە (3) بۆ پلە (2) .

2- ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی رەسمیدا جێ بە جێ دەکریت .

**ئەندازیار/دلشاد شهاب حاجی**
**وەزیری شارەوانی گشت و گوزار**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**بەیانی ژمارە ( 2 )ی ساڵی 2014**

بە پێ ی ئەو دەسەلاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (3) ی یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (1) ی ساڵی (2007) بریارمان دا بە هەموارکردنەوەی برگەی (3) گواستنەوەی پەینی کیمیاوی لە رێنمای ژمارە (12) ی ساڵی (2013) بەم شێوەیە دەبێت :-

(1.3) وە دەست هێنانی رەزامەندی پێش وەخت لە ب.گ کشتوکاڵی پارێزگای پەیوەندار /ب خزمەتگوزاری کشتوکاڵی وەردەگیرێت لە رێگەی داواکاریەك کە تیای دا ئاماژەدەدرێت بە :

**پرۆفیسۆر / سیروان بابان**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (15) ساڵی 2007 ، بریارماندا بە :-

**بەیانی ژمارە ( 1 )ی ساڵی 2014**

- کردنەوەی ( هۆبەی کۆنترۆڵ کردنی شێرپەنجە) لە بەشی کاروباری هونەری سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی2014/1/19 .

**بەیانی ژمارە ( 2 )ی ساڵی 2014**

- گۆرینی ( سەنتەری نەخۆشیەکانی دڵ ) بۆ ( نەخۆشخانەی دڵ ) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .